# حوكمی سەردانی ئافرەتان بۆ گۆڕستان

## [ بە کوردی ]

حكم زيارة النساء للقبور
[ باللغة الكوردية ]

ئامادەكردنی: ماڵپەڕی خوشكان
http://www.khoshkan.com

إعداد: موقع الأخوات
http://www.khoshkan.com

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2008 -1429

islamhouse.com

# حوکمی سەردانی ئافرەتان بۆ گۆڕستان

حوکمی سەردانی ئافرەتان و کچان بۆ گۆڕستان و هەروەها ئافرەتی بێنوێژ و لەشگران.

زانایان ڕای جیاوازیان هەیەبۆ سەردانی ئافرەتان بۆ گۆڕستان، کۆمەڵێکیان پێوایان وایە(مەکروهە) وباشتر وایەنەکرێت بەبەڵگەی فەرموودەکەی ئەبی هورەیرەلەلای ئیمام ئەحمەد، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لعن الله زوّارات القبور) شێخ ئەلبانی بەصەحیحی داناوە. واتە: لەعنەت و نەفرین لەو ئافرەتانەی زۆر لەسنوری خۆی و زیادەڕەوی دەکەن لەسەردانی گۆڕستان (کەدەبێتەمایەی تاوان کردن) وەلەبەر ئەوەی ئافرەتان بەگشتی دڵ ناسك و زوو هەڵدەچن و توانای بەرگری ڕووداو و کارەسات ناکەن، کەگومانی ئەوەدەبرێت دەست بکەنەگریان و شین و ڕۆ و بەرزکردنەوەی دەنگیان و هەروەها جل دادرین و شتی تر. بەڵام ئیمام حەنەفی ڕاو بۆچونی وایەکەلەبنەڕەتدا بۆ ئافرەتان ڕێ پێ دراوەهەروەکو بۆ پیاوان ڕێ پێ دراوەکەسەردانی گۆڕستان بکەن ئەویش بەبەڵگەی فەرموودەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): (كنت نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها فإنها تذكر بالآخرة) مسلم ڕیوایەتی کردووە. واتە: من پێشتر ڕێم لێتان گرتووەسەردانی گۆڕستان بکەن بەڵام ئێستا سەردانی بکەن چونکەیادی دواڕۆژتان دەخاتەوە . (الخير الرملى) تێبینی ئەوەی هەیەکەدەڵێت: گەر سەردانی ئافرەت بۆ ئەوەبوو کەخەم و کارەساتەکە نوێ بکەنەوەو سەرلەنوێ گریان دانێنەوە(مەبەستی کارەناشەرعیەکانەوەکو شین و ڕۆ و هاوار...) ئەوا لێرەدا جائیز نیەئەو سەردانە، هەر لەو ڕووەشەوەفەرموودەی (لعن الله زوارات القبور) لێك بدەرەوە، بەڵام گەر لەسەردانەکەمەبەست ئەوەبوو عیبرەت وەرگرێت و وەکو ڕەحم و بەزەیی و وەفایەك بێت (بۆ مردووەکە) ئەوا ئاساییەو هیچی تیادا نیە.

لای شافعیش هەمان شتەو ئەم فەرموودەیەکەڕێ دەدات بەسەردانی گۆڕستان وەکو بەڵگەیەکەبەتایبەت گەر زانی خۆی دوور ئەگرێت لەفیتنەو تاوان هەروەك ئیمام نەوەوی لەکتێبی (المجموع) ئاماژەی پێ کردووە.

ئەو ڕایەی کەدەڵێت مەکروهـ نیەو ئاساییەئەمەڕای ڕاستتر و راجح ترەان شاء الله بەپێی فرمووەدەی (ثوبان) کەدەڵێت: (فزوروها) کەواتەسەردانی بکەن. چونکەلێرەدا گوتارەکەپیاوان و ژنان ئەگرێتەوەبەهۆی یەکسانی هەردوو ڕەگەزەکەلەهۆی سەردانەکە کەئەویش یادکردنەوەی ڕۆژی دواییە.

هەروەها (الأثرم والحاكم) لە(عبد الله بن أبي ملكية) ئەگێرنەوەکەعائیشەڕەزای خوای لەسەر بێت ڕۆژێك لەناو گۆڕستانەوەهاتەوەو ئەمیش لێی پرسی: ئەی دایکی ئیمانداران لەکوێوەگەڕایتەوە؟ فەرمووی: لەسەردانی گۆڕی براکەم عبدالرحمن کوڕی أبي بكر، ئەمیش لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نەهی نەکردووەلەزیارەتی گۆڕ؟ عائیشەش فەرمووی: بەڵێ. پاشان فەرمانی کرد سەردانی بکرێتەوە. ئەم فەرمودەیەش (العراقى و شێخ ئەلبانی بەصحیح دەریان هێناوە) هەروەها فەرموودەیەکی تر هەیەئیمام مسلم ئەیگێڕێتەوەلەعائیشەوەکە: (عائیشەبەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)ی وتووە: چی بڵێم کاتێك سەردانی گۆڕستانم کرد؟ پێغەمبەریش فەرمووی: قولي السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين). واتەبڵێ: سەلامی خواتان لێ بێت ئەی خەڵکی ئەم ناوچەیەلەباوەڕداران و موسڵمانان و خوای گەورەڕەحم و بەزەیی بێتەوەبەو کەسانەی مردوون و پێشکەوتن لیمان (ئێوە) و هەروەها ئەوانەشی دواکەوتون واتە(خۆمان) و زیندووەکان.

وەسەبارەت بەفەرموودەی (لعن الله زوارات القبور) هەروەکو (القرطبی) دەڵێت: ئەو لەعنەت و نەفرینەی لەو فەرموودەیەدا ئاماژەپێکراوەمەبەست ئەو کەسانەیەکەزۆر ڕۆدەچن و زیادەڕەوی دەکەن لەسەردانی گۆڕستان و بەدەستی خۆیان دوچاری تاوان دەبنەوە.

وەسەبارەت بەسەردانی کچان بۆ گۆڕستان هەمان حوکمی ئافرەتان و بەساڵاچوویان هەیەبەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئەو بەڵگانەی جائیزیان کردووە، وەهەروەها عائیشەڕەزای خوای لەسەر بێت لەپاش وەفاتی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم)هێشتا لەئەوپەڕێ گەنجێتی بووەو سەردانی گۆڕستانی (بەقیع)یشی ئەکرد. وەسەبارەت بەئافرەتی بێنوێژ و لەشگران (جەنابە) هیچ حوکمیان ناگۆڕێت لەگەڵ ئەوانی تر و هەمان شت ڕێیان پێ دراوەبەپێی ئەوەی هیچ حوکمێکی جیاواز و تایبەت سەبارتیان نەهاتووە کەحەرامی کردبێت لەسەریان.

ئایەئافرەت بۆی هەیەسەردانی گۆڕستان بکات گەر لەکەسوکاری کەسانێك وەفاتی کردبێت؟

سەرەتا زانایان ڕای جیاوازیان هەیەلەسەر چونەسەر قەبران بۆ ئافرەتان، تیایاندا هەیەقەدەغەی کردووەو تیایاندا ڕێی پێ داوە.

ئەوانەی پێیان جائیز نیەئەم فەرموودەیەئەکەنەبەڵگە: (لعن الله زائرات القبور)

ئەم قسەیەش بەم شێوازەفەرموودەنیە، بەڵکو ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە: (لعن الله زوّارات القبور).

جیاوازیش لەنێوان دوو قسەکە: ئەوەی دووهەمیان ئەو ئافرەتانەئەگرێتەوەکەزیادەڕەوی دەکەن لەسەردانی گۆڕستان کەدەگاتەئەو ئەنجامەی شین و ڕۆ بەسەر مردووەکە بکرێت و چەندەها تاوانی تر بکرێت لەو شێوەیە.

بەڵام قسەی یەکەم کەفەرموودەنیەهەموو ئافرەتێك ئەگرێتەوەکەئەمەش ڕاست نیە.

ڕاستێکەشی ئەوەیەکەڕێ پێ دراوەو ئاساییەبۆ ئافرەتان سەردانی گۆڕستان بکەن بێ ئەوەی زیادەڕەوی تیادا بکەن، ئەویش بەپێی ئەم بەڵگانە:

(أم عطية) دەفەرموێت: نهينا عن اتباع الجنائز ولم يُعزم علينا. رواه البخاري ومسلم. نەهیمان لێ کرا شوێین جەنازەبکەوین بۆسەر گۆڕستان بەڵام بەیەکجاری لێمان قەدەغەنەکرا.

هەروەها ئافرەتان بەگشتی دەکەونەبەر ئەم فەرموودەش کەپێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام): دەفەرموێت: (كنت نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها). رواه الإمام مسلم. واتە: پێشتر ڕێم لێتان گرتبو لەسەردانی گۆڕ بەڵام ئێستا سەردانی بکەنەوە.

هەر بەم شێوەشعائیشەڕەزای خوای لەسەر بێت لێی تێگەیشتووەو وەری گرتووەبۆیەڕۆژێکیان لەناو گۆڕستانەوەهاتەدەرەوە، (ابن أبي مليكة) كاتێك بینی لێی پرسی: يا أم المؤمنين من أين أقبلت ؟ قالت: من قبر أخي عبد الرحمن بن أبي بكر ، قال : فقلت لها : أليس كان رسول الله صلى الله عليه وسلم نهى عن زيارة القبور ؟ قالت : نعم ، كان قد نهى ثم أمر بزيارتها . رواه الحاكم ، وصححه الألباني.

(فەرموودەکەلەسەرەوەش شی کراوەتەوەبەکوردی).

هەروەها کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چوو بۆ گۆڕستانی بەقیع و داوای لێخۆشبونی لەخوا بۆ شەهیدەکان کرد، عائیشە ڕەزای خوای لەسەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا منیش چی بڵێم؟ (مەبەست چ دوعایەك بخوێنم).

پێغەمبەریش پێی فەرموو: بڵێ: السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين ، ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين ، وإنا إن شاء الله بكم للاحقون . رواه مسلم. ئەمەش لەکۆتایی تەمەنی پیرۆزیدا بوو.

هەروەها كاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تێپەڕ بوو بەئافرەتێك ئەگریا بەسەر كوڕێكی كەمردبوو پێی فەرموو: (اتقي الله واصبري) لەخوا بترسەو سەبر و ئارام بگرە. حديث متفق عليه.

بۆیەگەر سەردانی گۆڕ یان چونەسەر گۆڕستان حەرام بوایەئەوا لێی قەدەغەئەكرد، بەڵام ئەوەی ڕوویدا تەنها شین و ئارام نەگرتنەكەی لەسەر گرت.

ئیمامی نەوەویش لەسەر سەردانی گۆڕ دەڵێت: بەجائیز و ڕێ پێدان جمهوری زانیان واتەزۆرینەی زانایان یەكلایان كردۆتەوە.

واتە: زۆرینەی زانایان یەكلایان كردۆتەوەكەڕێ پێ دراوەبۆ سەردانی گۆڕستان چ ئەو كەسەپیاو بێت یان ئافرەت، هەروەكو ابن حجر دەفەرموێت.

لەكتێبی (احكام الجنائز و بدعها) هی شێخ ئەلبانی زیاتر ڕوونكردنەوەی تیادایەلەسەر ئەم باسە.

لێرەدا كەسانێكی تر هەن هەر بەحرامی دادەنێن و تەنها ئەو فەرموودەدەكەنەبەڵگە(لعن الله زوارات القبور) وەبەلایانەوەسەیرەكەدەوترێت جائیزەسەردانی گۆڕستان بۆ ئافرەتان و فەتوای یەك یان دوو زانای سەردەم دەكەنەبەڵگەو لەخەڵكی بەیەكجاری حەرام دەكەن و فەرموودەكانی تر دەدەن بەپشتی دیواردا، جگەلەوەش دەڵێن بۆی نیەشوێنی جەنازەكەش بكەوێت بۆ سەر گۆڕستان و بنێشرێت.

بەڵام ئەوەی جێی بەڵگەو ڕاستیەوەكو لەقسەكەی (أم عطية) هاتووە: نهينا عن اتباع الجنائز ولم يُعـزم علينا . رواه البخاري. واتەتەنها نەهی كراون نەك بەیەكجارەیی لەئافرەتان قەدەغەكرابێت. هەروەها ئیمام نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زۆرینەی زانایان ئەم باسەیان پڕیوەتەوەكەجائیزەئیتر چ ئافرەت یان پیاو بۆی هەیەسەردانی گۆڕ بكات.

وەتەنانەت بۆچونی ئیمام احمد ئەویش دەڵێت جائیزەبەكەراهەتەوە. وەكەراهەتەكەش ناگاتەحەرامێتی. ئەمەكۆتا ڕای مەزهەبی ئیمام ئەحمەدە.

واتەئەسڵ و بنەڕەتی مەسەلەكەخیلافی و ڕای جیاوازی لەسەرەنەك هەموو زانایان كۆڕابوبێتن، هیچ كاتێكیش گشت زاناكان نەیان ووتوەچونەسەر گۆڕستان بۆ ئافرەتان حەرامە، ئەگینا گەر وابوایەئەو كاتەبۆمان نەبو لەقسەی كۆڕای زانایان دەربچین.

فەرمودەكەی (أم عطية) بەمانای نەهی دێت، نەهی تەنزیە و خۆپارێزی نەك نەهی حەرامێتی هەروەكو شێخ ابن تيمية دەڵێت.

كاتێكیش دێتەسەر باسی فەرمودەكەی عائیشەكاتیك پرسیاری لەپێغەمبەر كرد كەچ بڵێت لەكاتی سەردانی گۆڕستان؟ لێرەدا ئەو كەسانەی دەڵێن سەردانی گۆڕستان حەرامەهیچ بەڵگەیەكی ئەوتۆیان پێ نیەكەپەرچی بدەنەوە. چونكەخۆ گەر حەرام بوایەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆی لەجێی ئەوەی ڕێنمایی عائیشەی بكردایەو لەجێی ئەوەی فێری بكردایەچ دوعایەك بخوێنێت لەجێی ئەمانەپێی دەوت سەردانەكەحەرامەو لەسەری قەدەغەدەكرد.

خۆ گەر دوعاكەش تەنها بۆكاتی تێپەڕبوون بوایەبەگۆڕستان ئەوا لێرەش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەر ڕوونی ئەكردەوەبۆمان چونكەهیچی لەئایینەكەلەئێمەنەشاردۆتەوەچ جای كارێكی لەم شێوە.

لە كۆتاییدا داواكارین لە خوای گەورە لە ئاینەكەی ژارەزامان بكات و لەسەر ڕێگەی راست جێگرمان بكات.